www.kurdistannet.org
25/06/2003 16:11

به ناوی کوردستانی گەورە !

# با فەرهادی هەورامان بناسین !

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

بەرکوڵ (پێشەکی) :

لـــە زۆر کەسی باوەڕ پێکراوم بیستبو ، کە لە ناوچەی سەربەرزی هەورامان، خۆشەویستێک کارێکی کردوە وەک فـــەرهادی کـــوردی کـــۆکەنی بێســـتوون . بـــۆ خـــۆم دەمویست لە زیارەتی ساڵانەی ئەمساڵی کابەی هەورامانـــدا (کـــە هەمو ساڵێک ئەم زیارەتە ئەنجام دەدەم) ، بچمە کن ئەو فەرهادە هاوچەرخە و ئەو کارە شـــازەی ببیـــنم، بەڵـــام بـــەر لـــەوەی کە ئەم هەلەم بۆ بڕەخسێ، برایەکی هۆگر و دڵسۆز، کە ناوی کاک مـــێهدی بارامـــی یە، خوێندکاری لقی ماف و زانستگەلی رامیاری زانستگەی تارانە و خۆی خەڵکی ناوچەی هەورامانـــە، بە چەشنی مەیدانی ڕیپۆرتاژێکی بە زمانی فارسی ساز کردبو ، کە ئێستا لەگەڵ سپاسی زۆر بۆ ئەو ڕێزدارە، کورتە وەرگێڕراوەیەکی کوردێنراوی بە زمانی کوردی پێشکەش دەکەم.

***کورتە وەرگێڕراوی ڕێپۆرتاژەکە :***

٢٠٠٣/٦/٢٢

کاک حوسەینی عوسمانی، بە ناوبانگ بە فەرهادی هەورامان :

کـــاک حوسەین، نزیکەی شەست ساڵ لەمەو پێش، لە ناوچەی سنووری دروێڵە؟، لە ناوچەی هەورامان، لـــە سنووری نێوان هەورامانی ئەم دیو و ئەو دیو، لە هەرێمێکی کوێستانی، نێوان شاری جوانڕۆ و پاوە، لە دایک بوە.

لەتەمـــەنی ١٩ ساڵـــیدا، هەر لە دێکەی خۆیان، کچێکی هێناوە و ئێستا لەم ژنە، سێ دانە کچی هەیە، کە هەر سێکیان شوویان کردوە.

کاک حوسەین بۆ هەڵسوڕاندنی چەرخی ئابوری ژیانی، زۆر جار خەریکی راو بوە، کە رۆژێک فیشەک لە تفەنگـــی ســـاچمەزەنی راوەکـــەی دەردەچێ، دەیدا لە پای و بریندار دەبێ. بۆ داوودەرمان، دەیبەنە شاری هەڵـــەبجە، بەڵام ئەو کاتە، سیخوڕەکانی ڕێژیمی سەددام دەڵێن " ناکا ئەمە پێشمەرگەی بریندار بێ " و ناهێڵـــن پزیشـــکەکان پای چاک بکەنەوە، لە جێی چاک کردنەوە، پا برینداڕەکەی دەبڕنەوە و بەم جۆرە، پایەکـــی لەدەســـت دەدا (بڕوانـــە وێـــنەی کـــاک حوسەین، کە لە دەم دەرگەی ماڵە بەردینەکەی دا خراوە و لەگەڵ ئەم نووسراوەیەدایە) .

هـــەر ئـــەو ساڵـــە، خێزانیشی دەمرێ و باری ژیانی زۆر قورس تر دەبێ. لەم کاتە دا جەنگی نێوان ئێران و عێراقی داسەپاو بە سەر کورددا، دەستی پێ دەکا و کاک حوسەین شەڕی دو لایەنەی پێ دەفرۆشرێ و وەک ســـەدان هـــەزار کوردی شەڕنەخوازی دیکە، لە زێدەکەی ئاوارە دەبێ . کاتی ئاوارە بوون، دەچێتە گوندێک بە ناوی مەنسووراغایی، کە لە نێوان شاری جوانڕۆ و پاوە یە و ماڵێک لەو دێیە بە کرێ دەگرێ.

خـــاوەن ماڵـــەکە، بۆڵـــەی بەسەردا دەکا. کاک حوسەین لە بۆڵە بۆڵی خاوەن ماڵ زۆر تێکدەچێ و لە دێی مەنســـووراغایی، کـــۆچ دەکـــا و ســـوێند دەخـــوا، کە لە ژیانیدا، وەک هەمیشە منەتی کەس نەکێشێ. لەم کاتـــەدا، لـــە ناوچـــەی بایـــەنگان، جـــێگەیەک دەدۆزێتەوە بە ناوی مێگۆڕە؟ و هەر زستانی ئەو ساڵە، بە ئامانجـــی هەڵـــکەندنی ماڵـــێکی بـــەردین، لەگـــەڵ منداڵـــەکانی دەچێتە ئەو ناوچەیە، هێندێک خواردن و خـــۆراک، بـــڕێک کەرەســـەی ژیـــان، بـــێڵ و قوڵـــنگیش لەگەڵ خۆیدا دەبا و وەک فەرهاد، دەست دەکا بە هەڵکەندنی کێوی چەخماخی هەرە رەق، بۆ دروستکردنی ماڵی بەردین بێ منەت، لە دڵی کوردستاندا.



لە هەوەڵەوە، بە هەوڵ و تێکۆشانێکی ئەفسانەیی، بە تاقە پایەکەوە، خانوەیکی چکۆلەی بەردین بۆ خۆی و کچەکانی دروست دەکا، کە ئەو کاتە هێشتا شوویان نەکربو. لە پاش رابووردنی نزیکەی بیست ساڵ، تا ئێستا کاک حوسەین، چەند وەتاغ، ڕاڕەوێک و تەنانەت چێشتخانەی لە دڵی ئەم بەردە مەزنە رەقە دا، بە نووکی قوڵنگی هیوا هەڵکەندوە، کە بە یەکێک لە کارە شازەکانی ئەم چەرخە دادەنرێ.

کـاک حوسەین ئێستا، لەم چۆڵگەیە، بەتەنیایی دەژی و تەنانەت هەر لێرە، هۆدەیەکیشی دروست کردوە بۆ گلکۆی خۆی، تا پاش مردن هەر لەوێ بینێژن.

هەمـو سالـێک کەسـانێکی زۆر، چ ناوخۆیـی و چە لاوەکی، دێن بۆ دیتنی ئەم شاکارە هێژایە و بۆ دیتنی ژیـانی تایـبەتی کـاک حوسـەین، کـە زۆر لـەو مـیوانانە یادداشـتی جوان جوانیان، بۆ کاک حوسەین نووسـیوە. کـاک حوسـەین هۆنـراوەی کـوردیش دەڵێ، کە چون سەوادی نیە، خەڵک هونراوەکانیان بۆ نووسیوەتەوە،

ئـەم پیاوە دەڵی : " من ئەم کارە م بۆ پاراستنی ناوی کوردستان و نیشاندانی لێهاتووی کورد ئەنجان داوە ".

کـاک حوسـەین ویسـتی ئەوەیـە، کە تەواوی پارچە لەتکراوەکانی کوردستان ببنەوە یەک و لە وڵاتی سەربەخۆی کوردستاندا بژی.

پاشکو :

دڵـنیام، کە هەمووومان بە هەر ئایدیۆلۆژیەکەوە، لە تەرکی دڵماندا، لەگەڵ کاک حوسەین هاوبیرین، با بڕیکیشمان لەترسان و لە برسان، نەوێرین بیدرکێنین.

لێـرەدا، بـا یادێکـیش لـە فـەرهادی هەوەڵی کورد، کوکەنی بێستوون بکەین، کە خەسرەوی ساسانی، پادشـای وڵـاتی پـێڕس (فـارس) ، بەڵێنی پێ دابو، کە ئەگەر کێوی بستوون کون بکا، شیرینی ئەرمەنی

دەداتــێ، بەڵــام پــاش ئــەوەی کــە فەرهاد بیستوونی کون کرد، خەسرەو درۆی لەگەڵ کرد و تەنانەت بە پــیلانی پیرێــژنی فەرهادکــوژ، فــەرهاد قوڵنگەکەی هەڵخستەوە بۆ حەوا و سەر خۆی دا بەری و مرد. بەم چەشــنە، بە پێی ئەم دیرۆکە ئەفسانەییە، هەمیشە بەڵێن راستی خۆمان و درۆزنی خەڵک، بوونەتە هۆی تێکشانمان. ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە، بە وردی لە دۆزی خۆمان، بڕوانینەوە ؟

سەرچاوە : نووسراوە فارسیە کوردێنراوەکەی کاک مێهدی بارامی، کە دەقە رەسەن (ئەسڵ) ەکەیم لە لایە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت